# ڕەگی تیرۆریستی ئیسلامی

د.کریستینا کۆڤاینن
پسپۆڕ و کارناسی
سیاسیی تورکیا
لە هلسنکی- فینلەندا

تایبەت بۆ گوڵان
دەینووسێ

سەرۆک جورج بوش بانگێشەی(crusade) دەکات دژی تیرۆریستانی ئیسلامی؟ دەپرسێت کێ ئەم وەحشیەتگەرییەی دروستکرد؟ بڕوام پێدەکەن یان نە دەڵێم:(ئەم واقعیە دەستکردی جورج بوشی باوکە و بە هاوکاری سەرۆکی پێشووتر ڕۆناڵد ریگان).

کێ چەکی بۆ ملیشیا ئیسلامییەکان دابین دەکرد؟ بێگومان CIA، هەروەها هەر CIA بوو مەشقی کوشتنی پێدەکردن، ئەمەش لەدوای سەردەمی کۆڵۆنیالیزم بوو کە ژمارەیەک لە دەوڵەتانی ئاسیا و ئەفریقیا سەربەخۆ بوون و سەردەمی شەڕی سارد بوو.

دەستێوەردانی کراوە و ئاشکرا لە سیاسەتی وڵاتانی دیکە ئەو ئاکامەی نەبوو کەCIA مەبەستی بوو،CIA لە ساڵی ١٩٥٣ حکومەتێکی هەڵبژێراوی موحەمەد موسەدەقی لە ئێران گۆڕی و ڕەز ا شای پەهلەوی لە جێگەی دانا، بێگومان ئەوە هەر ماوەیەکی کورت بوو، هەتا کارەساتی ڤێتنامی بەسەردا هات، دوای ئەمە CIA وانەیەک فێر بوو، هەر حکومەتێک لە جیهانی سێیەم هاریکاری یەکێتی سۆڤیەتی پێشووی بکردایە، ستراتیژیەتیCIA بەو جۆرە بوو چەکی دەدایە رکابەرەکانی وەک ئیخوان موسلمینی میسر و جەماعەتی ئیسلامی پاکسان.

لوتکەی ئەم چالاکییانەی CIA یش شەڕی ئەفغانستان بوو، لە ساڵی ١٩٧٩ سەربازەکانی یەکێتی سۆڤیەت چوونە ناو ئەفغانستان، هەر دوای ئەوە CIA دەستی کرد بە چەکدارکردنی موجاهیدەکان بۆ ئەوەی دژی سۆڤیەت بجەنگن، (مەحمود حەمدانی) بانگێشەی جیهادی بۆ ئەم شەڕەی ئەمەریکا دەکرد، CIA ملیشیا موسڵمانەکانی لەسەرانسەری جیهان بۆ شەڕێکی پیرۆز دژی سۆڤیەت چەکدار دەکرد.

حەمدانی پرۆفیسۆرە لە بواری ئەنترۆپۆلۆجی لە زانکۆی کۆلومبیای ئەمەریکی، لە ئوگەندا لەدایکبووە، و هەر لەوێش گەورە بووە، لەدوای ڕژێمی ئاپارتایدو دەسپێکی دیموکراتی لە باشووری ئەفریقیا ژیاوە، ئێستا لە نیویۆرک دەژی، ئەو کارەساتی ١١ی سێبتەمبەری دیوە و زۆر بە توندی لەسەری نووسیووە.

ناوی کتێبەکەی حەمدانی"موسڵمانی باش و موسڵمانی خراپە، ئەمەریکا لە شەڕی سارد و ڕەگەکانی تیرۆر"

حەمدانی ڕەخنە لەو ڕەفتارە نهێنییانەی CIA دەگرێت کە دژ بە ئیرادەی کونگریس ئەنجامی داوە،

شەڕی ڤێتنام بووە هۆکاری سەرهەڵدانی بزاڤێک دژی شەڕ لە ئەمەریکا دای، زۆربەی سیناتۆرەکان ئەوانە کە دەیانەوێت سیاسەتێکی دەرەوەی ئاشتییانە لەلایەن کۆنگرێسەوە پەسەند بکرێت، ئەوانەی زۆر بەناوبانگن وەک جۆن تونی و دیک کلارک.

لە ساڵی ١٩٧٦کونگریس ئەو یاسایەی پەسەند کرد کە بە یاسای کلارک ناسراوە، ئەم یاسایە دەسەڵاتی داوەتە کونگریس کە زانیاری پەیدا بکات و کۆنترۆڵی پرۆسە سەربازییەکانی دەرەوە بکات .

CIA بە ئاشکرا تێکەڵاوی شەڕەکانی دەرەوە نەبووە، بەڵکو بە نهێنی هاوکاری لوجستی و چەک بۆ گروپە ئیسلامییەکانی دەرەوە دابین دەکات، لە سەردەمی ڕۆناڵدریگن لە ساڵی ١٩٨٥ ئەم یاسایەی هەڵوەشاندەوە، حەمدانی دەڵێتCIA بە نهێنی گورزێکیشی لە دیموکراسییەتی ئەمەریکادا .

CIA هەوڵیدا ئەفغانستان ببێتە ڤێتنامێکی دیکە بۆ سۆڤیەت، بەڵام هەندێک شت روو دەداتCIA مەزندەی ناکات، شەڕی سارد بە هەڵوەشانەوەی سۆڤیەت کۆتایی هات، بەڵام هەزارن جەنگاوەری ئیسلامی لە ئەفغانستان بوون، بووە سەنتری مەشقی میلیشیا موسڵمانەکان کاتێکیش شەڕی ئەفغانستان تەواو بووگەڕانەوە وڵاتەکانی خۆیان، ئەوان خاوەنی ئەزموون بوون، بۆیە لە نزیک خۆیانەوە کەوتنە تۆڕ دروستکردن، گروپە تیرۆریستیە ئیسلامییەکان لەم هێزانە پێکهاتووە:



بارودۆخی باشووری کوردستان بە تەواوی لەو شەڕانە جیاوازە کە لە یەکەکانی رابردوو لەلاری و ئەنگۆلا و نیکاراگوا و ئەفغانستان بەڕێوە دەچوو، سوپای ئەمەریکا بە ئاشکرا هاوکاری ئیدارەیەک دەکات، کەکاروبارەکانی بە باشی بەڕێوە بەرێت.

بەڵام هەوڵەکانیCIA بۆ ئەوەی هێزەکانی سۆڤیەت نەتوانن حکومەتێکی باش لە کابول دابمەزرێت.

ئەگەر زاراوەکانی حەمدانی بەکار بهێنی، هاریکاری نێوان هۆزەکانی ئەفغانی وەک ئەوە وابوو پێنج ئاژەڵی جیاواز لە قەفەزێکدا کۆ بکەیتەوە، بزووتنەوەی تاڵیبانیش بەرئەنجامی شەڕی ئەنغانستان بوو.

من دڵنیام ئێستا سیاسەتمەدارانی هەر دوولا، باشووری کوردستان و بەشە عەرەبییەکەی عێراق، بیر لەوە دەکەنەوە کە دوای ئەوەی هێزەکانی ئەمەریکا عێراق بەجێ دەهێڵن چی بکەن؟ من ئومێد دەخوام هەر چییەک دەکەن بیکەن، بەس پەنا بۆ کارە پەنهانەکانیCIA نەبەن.

(ژمارە:٦٢٩)٢٠٠٧/٤/٩